# ئەم شەویەکجاربیرت دەکەم

کاوەی خەسرەو کاوانی



ئەمشەو نازانم بۆ هێندەبیرت دەکەم
چ نەسیمێك بۆنی تۆی بۆ من هێناوە,
چ باڵندەی خەیاڵێکم
لەسەرپەڕەی باڵەکانی
تۆی بۆ لای من هەڵگرتووە,
چ عیشقێکی سۆفیانەی جاویدانە
بەرگی  وەبەرژووری تەنیاو
مردووی بێ دەنگیم کردووە,
بیرت دەکەم زیاترلەفراوانی بیر
دوورترلەسنووری خەیاڵ ,
بەسوێ ترلەو باڵندەیە باڵشکاوەی
 خەو دەبینێت جارێکی تر بفڕێت بە باڵ ,
بیرت دەکەم
لە تامەزرۆی حەز زۆرتر
شێترلەشەپۆلی دەریا
بۆسۆز و باوەشی کەنار,
ماندووترلە قەڵبەزی تاڤگەی بەرزاری
بۆ هاتنە خوار
بیرت دەکەم
هەرچەندە ئالەوساتەی کە تۆم ناسیووە
 بۆم سەرابی
هەرچی دەیکەم
نە لەرۆح و نەلەبیرونەلەسەرتاپای دەروونم جودا نابی.